# دادوەری، تۆڵە و سزای سێدارە

هەژێن30.05.2005
http://hezhean.blogspot.com

لەبەر ئەوەی، کە هەر یەک لە ئێمە  بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەوە دەزانین، کە سزای سێدارە پێشینەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخە تاریکەکانی مێژووی پڕکەندوکۆڵی مرۆڤایەتی و ڕژێمی چینایەتی پەرەپێدەریەتی و شێوازی جۆراوجۆری پێبەخشیوە؛ لەوانە کورسی ئەلەکتریکی و دەرزی ژاراوی و .. هیتر.

ئەگەرچی ئەم سزایە ئەورۆکە لە هەندێ وڵاتدا وەلانراوە، بەڵام زۆرینەی وڵاتەکانی دونیا بە دیموکرات و نادیموکراتەوە، هێشتاکە پەیرەوی لێدەکەن و خەرمانەی پیرۆزی ئایینی و شۆڕشگێڕی بە باڵادا دەبڕن و تەنانەت زۆرێک لە میلیشیا و هێزە بەرهەڵستکارەکان پاشگری شۆڕشگێڕانەی بۆ دادەنێن. دیارە هەر دەوڵەت و هەر هێزێک بەپێی پێداویستی خۆی لەپشت ئەم یاسا جەنگڵییەوە دەوەستێ و بەو پێیەش لە هەوڵی پاساودانیدا دەبێ. هەرچەندە بیانووەکان جیاوازبن، بەلام ناوەرۆکی هانابردن بۆ ئەو جۆرە سزایە، تەنیا بۆ دەستراگەیشتن بە سەروەری یا پاراستنی سەروەرییە، لەکاتێکدا کە ئەندامانی کۆمەڵگەیەک ئامادەی ملدان بەو سەروەرییە نەبن.

بەلام سەرەڕای ئەوانەی لەسەرەوە باسکران، لێرەدا نامەوێ بێ سەلماندنی پاساوێک، کە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو سزایە هەڵوێستی مرۆڤدۆستانە یا شۆڕشگێڕانە بخەمەڕوو، چونکە بێ خستنەڕووی نادادوەری کۆمەڵایەتی ، ئابوری و سیاسی، ناتوانین ئەو پاگەندەیە بکەین و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە خودی دادوەری بخرێتە بەرپرسیار لەبەردەم ئەزنوونە مێژوویەکاندا. واتە کورتهێنانی ئەم سزایە لە جێگیرکردنی دادوەری کۆمەڵایەتیدا.

پرسیارێک، کە بەدرێژایی مێژوو بەرامبەر بەم سزایە ئامادە بووە، ئەوەیە کە، ئایا سزای لە سێدارەدانی بکوژەکان، دزەکان، ..هیتر توانیویەتی بەر بەو دیاردە بگرێ، کە ئێمە ئەم سزایە بۆ لەناوبردنی یا بەرپیگرتنی بەکاردەبەین؟ ئایا توانیویەتی تۆڵەبێ بۆ ئەوەی بەرامبەرمان دەکرێ؟

بۆ وەڵام بەم پرسیارە، سەرەتا لە نموونەگەلی سادەوە دەستپێدەکەم و دواجار لە کیشەی لەسێدارەدانی سەدامدا پێوانەی دەکەین. نموونە: چەند هەفتە لەمەوبەر هاوکارێکی تورکم لەناوەڕاستی شارێکی گەورەی ڕۆژاواییدا، پاش دەستهەڵگرنی لەکاری دوارۆژی هەفتە، درایە بەر دەستڕێژی گولە و گیانی لەدەستدا. تاوان پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ژنێک هەبووە، کە چەند ساڵە پیاوەکەی نیوەگیان لەنێو جێگە کەوتووە! هەواڵەکان بێجگە لەوەی ئەم کیشەیە بە ڕەگەزی کوژراو یا بکوژەوە دەبەستنەوە، بە وشەی کوشتنی پیاوێک لە تۆڵەی شەرەفدا کورت دەکەنەوە! ئایا لەڕاستیدا کێشەکە هەر ئەوەیە کە، کەسێک کوژراوە، یا ئەگەر پیرۆز لە مرۆڤ بڕوانین، مرۆڤێک کوژراوە؟ ئیتر ئەم تاوانە هیچ ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی نییە، کەسێک دابڕاو لە دونیای دەوروبەری و لەدەرەوەی ئیستا و داهاتوودا؟ بکوژ لەم تاوانەدا ئەگەر لە وڵاتی مە بووایە یا لەسێدارە دەدرا یا بەپێی یاسای خێڵەکی لەلایەن کەسوکاری بکوژ دەکوژرایەوە. بەلام لە ئەوروپا ئەگەری یەکەمیان نییە و چەند ساڵێک زیندان دەبێتە سزای و ئەگەری دووەمیان پاش ئازادبوونی هەر لەئارادایە و بەمشێوەیە تاوانەکە دەبێتە لەپاشماوەیەک بۆ نەوەکان.

بەبڕوای من بکوژ، ئەوە هیچ کە مافی بڕیاردانی لە کێشەیەکدا نییە، کە کوژراو جەمسەریکییەتی، هەروەها تەنیا یەک کەسی نەکوشتووە ، بەڵکو لەباری یەکەمدا؛ باوکی چەند منداڵ و هاوسەری ژنێکی کوشتووە، لەباری دووەمدا؛ داهاتوو و گوزەرانی خێزانێکی خستۆتە سەردوورپیانی کولەمەرگی ، لەباری سێیەمدا؛ کەسێکی کوشتووە، کە بەشێک بووە لە هێزی کاری کۆمەڵگەیەک و باجی داوە، بیمەی کۆمەڵایەتی و دەرمانی و ...، هیتری داوە، لەباری چوارەمدا ژیانی لە کەسێک سەندۆتەوە، کە بریتییە لە کۆمەڵێک پلان وخەون و ئارەزوو و تەنانەت ئەگەری کاری بەسوود و داهێنەرانەش بۆ مرۆڤایەتی. دادگە لە دیموکراسیترین باریدا دێ و بە سزای چەند ساڵ زیندان، کە تێیدا بکوژ جارێکیتر دەبێتەوە مشەخۆر بەسەر داهاتی کۆمەڵگەوە، ئەو هەمووە تاوانە کورتدەکاتەوە، تازە وەک وتم، پاش هاتنەدەرەوەی ئەگەری درێژەکێشانی ئەو تاوانە لەئارادایە! ئەی ئایا سزای سێدارە، کە لەوڵاتی مەدا لە خواردنەوەی ئاو ئاسایی‌ترە، دەتوانێ چارەسەر بێ و چاوەڕوانیەکانی مە لە دادوەری دەهێنێتەدی و برینەکانمان سارێژدەکات، ئایا ڕێگە لە دوبارەبوونەوەی مرۆڤ کوشتن دەگرێت؟ ئایا تاونبار لە کوشتندا تەنیا بکوژە، ئەی چەکسازکەران، ئەی دەڵاڵانی بازاری چەک چی، ئەی بیروباوەڕە ئایینی و دابونەریتە خێڵەکییەکانی نەتەوە چی؟

نموونەی دووەم، سیناریۆی دادگایی سەدام و سزای لە سێدارەدانییەتی. لەم سیناریۆیەدا هەراهوریایەک بەڕێخراوە، کە هەڵاوێری مرۆڤدۆستی و سیاسەتبازی لایەنە دژبەیەکەکان، ئەستەمە بەئاسانی لیکجیابکرێتەوە. لایەنگرانی دیکتاتۆر خوازیاری نەک لەسێدارەنەدانی بەڵکو ئازادکردنین، قوربانیانی کەم ئاگا، خوزیاری لەسێدارەدان و پارچەپارچەکردنین، سەرۆککۆماری تازە بەبیانووی فریودەرانەوە، دژی لەسێدارەدانییەتی و لەولاوە سزای سیدارە لە یاسای بنەڕەتی وڵاتدا وەک شمشێر بەرز ڕاگیراوە. بەڵام هەموولایەک لەسەر یەک شت کۆکن، ئەویش ئەوەیە، کە سەدام تەنیا هەڵگری ئەو کۆڵە تاوانەیە، کە لە ماوەی 30 ساڵ دەسەڵاتداریدا، بە شێوەی جۆراوجۆر ئەنجام دروان و هەوڵی گشتلایەکیان بۆ ئەوەیە، کە تاوانباران لەبەردەم دادوەری مێژوودا ڕزگار بکەن.

هەمووومان دەزانین، سەدام بکوژ و ببڕی سی ساڵی ڕابوردوو بووە لە عیراقدا و لەسەر فەرمانی وی هەڵسوڕاوانی سیاسی لە سێدارە دراون، هەزاران گوند وێران و سوتێنراون، دوو شەڕی دەرەکی و شەڕێکی درێژخایەنی دژی کوردان هەڵگیرساندووە، پێنج هەزارکەسی لە هەڵەبجەدا کیمیاباران کردووە، 180 هەزار گوندنشینی کوردستانی بێسەروشوێن کردووە. ئەمانە و هەزارەها تاوانیتری شاراوە. ئایا دەکرێ بڵێین و بڕوا بەخۆمان بهێنین، کە تەنیا ڕامبۆیەک ئەم هەمووە تاوانی ئەنجامدا، کەس بەردەس و هاوکاری نەبوو، کەس هاوهودنەو کەس هاوبەرەی نەبوو؟ ئەی ئەوانیتر چی، ئەوانەی کە سەریان بۆ ئەو دەبرد و ماڵ بۆ خۆیان، ئەوانەی بە بێدەنگەکردنیان سەری ڕەوایەتیان بۆ تاوانەکانی سەرۆک دەلەقان، ئەوانەی پاش ئەو هەمووە تاوانە، ڕایانمووسی و نازناوی دادوەری دادوەرانەیان پێبەخشی! ئەو هەمووە پلەدار و سەرکردە سەربازیانە چی، کە شمشێری وبیان بەسەر ئێمەی قوربانییەوە ڕاگرتبوو، پیاوانی دەزگەکانی هەواڵگری و ئاسایش، کوێخا و سەرۆکی پارێزگا و شارەوانییەکان، دادوەرەکانی دادگە داخراوەکانی شۆڕش چی، موستەشار و بەکرێگیراوان چی؟ ئەوانە چی، کە هەموو هەڵسوران و چالاکییەکیان لە خزمەت نەخشە وێرانکاری و مرۆڤ قڕکەرییەکانی تاوانباردا بوو؟!

ئایا لە خۆمان پرسیوە، کە کێ بڕیارە دادگایی سەدام یا دامودەزگە و دەستوپەیوەندەکانی بکات، ئامریکا؟ سەروەرانی تازەی عیراق، کێ؟ کێن ئەوانەی، کە دادگایی وەها دڕندەیەک دەکەن؟ ئەوانەی کە تاوەکو دوێنێ یا سەدام فەرمانبەریان بووە یا سەرۆکی دادوەر؟ ئایا شەرمەزاری نییە بۆ ئێمەی قوربانی جارێکیتر ببینەوە بازیچە (یاریکە - بووکەشوشە)ی دەستی

تاوانباری ڕابوردوو و چەند دەهەیەکیتر لەتەمەنمان؟ ئایا ئەمە هەموو توانایەکمانە بۆ جێخستنی دادوەری، دادوەرییەک کە خەونی لەمێژینەی قوربانیانی سەراپای سەدە تاریکەکانی مێژوو بووە بە ئەورۆکەشەوە. ئایا ئەم هەڵویستە لاوازەمان دانی مۆری ڕەوایەتی نییە لە تاوانەکانی سەدام و رژێمەکەی و چینێک کە رژێمەکەی وی نوێنەری بووە و هاوکارانی ڕاستەوخۆ و ناڕستەوخۆی پێیهەستاون؟ ئایا ئەمە زەمینە خۆشکردنەوە نییە، بۆ ئەوەی بەچکە دیکتاتۆرەکانی ئەورۆ لە سبەینێدا هەمان کارەسات بەسەر دانیشتوانی ئەم دەڤەرەدا بهێننەوە؟

با وایدانێین، کە سەدام لەبەر سروشتی سەرومرۆیی! توانی ئەم هەمووە تاوانە بەتەنیا ئەنجام بدات، ئەندامانی پارتەکەی، فەرمانبەرانی رژێمەکەی، پلەدار و ژەنراڵە سەربازییەکانی، پیاوانی دەزگە نهێنییەکانی، ئۆپۆزسیۆنە ختووکەدەرەکانی، دەوڵەتە چەکپێفرۆشەکانی، هاوولاتییە خۆپەرست و هەلپەرستەکانی، هەموو دژ بەم تاوانانە نارازی بوون و ئەوە تەنیا سەرەڕۆیی سەدام بوو، ئەو هەمووە تاوانەی ئەنجام دا، ئایا لەوەها بارێکیشدا، لە سێدارەدانی سەدام دەتوانێ تۆڵەی ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجە بێت، کە چێژامان، تۆڵەی ئەو هەموو گوندە وێران و گوندنشینە ئەنفالکراوانە بێت لە نێوماندا ونبوون، تۆڵەی جوانەمەرگبوونی خەون و ئارەزووەکانی مناڵی و لاوێتی و ئارامی پیرێتیمان بێت، دەتوانێت تۆڵەی گازکوژکراوەکانی هەڵەبجە و بادینان و هۆرەکان بێت؟ ئای لەم گەمژەتییەی کە تێیدا دەتلێینەوە، ئای لەم ساتەوەختە تاریکەی، کە تێیدا هەلهەلە بۆ دوبارەبوونەوەی کۆستەکانی ڕابووردوومان سەردەدەین!

ئەوانەی ئەورۆکە خوازیاری لەسێدارەدانی سەدامن، دەکرێ زۆرینە لەبەر کەم هوشیاری وا بیربکەنەوە، بەڵام بەڵنیایی کەمینەیەک لەپاڵ ئەمانەدا ترسی هەڵدانەوەی لاپەڕەشاراوەکانی دوێنێکەن. دەکرێ کەسانێکیش هەبن، لە ڕوانگەی مرۆڤدۆستییەوە دژی لە سێدارەدانی سەدام بن، بەلام بەدڵنیاییەوە، سیاسییە دەسەڵاتدارەکان، بۆ ئەوە دژی ئەو سزایەن بۆی، تاوەکو ڕکی ئەو دێوەزمە نەوروژێ و دەستیان دەرنەکەوێ، دەرنەکەوێ کە کێ کە 180 گوندنشینی کردە کۆتری باڵبەستراوی چنگ ئەژدیهاکەی قادسیە!

تەنیا ئەوە بەس نییە، کە دژی سزای لە سێدارەدان بین، بەڵکو دەبێ لەسەر هۆکەی پێداگرین و ئەلتەرناتیڤی خۆمان بۆ پیادەکردنی دادوەری لە سزادانی تاوانبارانی گەورەترین تاوانەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم بخەینەڕوو. منیش وەک هەموو ئەوانەی کە، کە لەتاو ئازارەکانی جەستەیان، دەروونیان، برینەکانی ڕابوردوویان سزای لەسێدارە بۆ سەدام و دارودەستەکەی بەکەم دەزانن، یا ئەوانەی کە دژی سزای لەسێدارەدانن، دژی لەسێدارەدانی سەدامم و بەبڕوای من لەو هۆیانەی کە باسم کردن، دەکرێ هێشتنەوەی سەدام، سوودی لە زیانی بۆ قوربانییەکانی زیاتر بێ. چونکە ئەگەری ئەوە هەیە ڕۆژێک سەدام ئەو نهێنیانە بدرکێنێ، کە هاوتاوانەکانی خوازیاری لەگۆڕنانیاندان. دەکرێ سەدام وەک ئۆلگوی شەرمەزاری شۆڤێنستەکان بپارێزرێ. بەڵام پاراستنێک نا، کە وەک مشەخۆرێک لەسەر داهاتی خەڵک زیندانی بۆ بکەن بەبەهەشت، ڕاگرتنی سەدام پیویستە بۆ ئەوەی ئازیزانی خۆمان لەیاد نەکەین، بۆ ئەوەی لەبری هەتوان، تێزاب نەکەنە برینەکانمانەوە، پێویستە راگیرێ، بۆ ئەوەی هاوبیرەکانی، هاوبەرەکانی، هاوهودنەکانی، هاوخوانەکانی، هاوگفتوگۆکەرانی ئاسوودە دەست نەکەنە قرتاندنی مێژوو وەک لە ژیاننامەی سەرۆککۆماری تازەدا کردیان!

بەبڕوای من سزای سیدارە بیجگە لەوەی، کە ڕێسای سەدە تاریکەکانی مێژوو و خوێنزای خێڵەکیانەیە، سزایەکی ناڕەواشە چ بۆ تاککوژێک وەک لە نموونەی یەکەمدا باسمکرد، چ بۆ کۆمەڵکوژێکی وەک سەدام؛ ئەمە بێجگە لەوەی کە ناتوانێ هاوتای تەرازووی ئەو تاوانە بێ، کە بەرامبەر ئێمەی قوربانی ئەنجام دەدرێن! چونکە کوشتنی مرۆڤ زۆر لەوە گەورەترە ، کە ئێمە

بتوانین بە لەسێدارەدان و کوشتنەوەی تاوانباردا کورتی بکەینەوە و ئارامی بەناسۆریەکانمان نادا.

تۆڵەی تاوان لە بکوژان دەکرێ چەند لایەنە بێ، ئەو ساتانە بیننە بەرچاوتان کە خۆتان یا ئازیزانتان لە زینداندا و دابڕاو لە ئێوە و ژیان، خەونکوژ کرابوون، ئەو ڕۆژانە بژمێرنەوە، بزانن ئازارەکان لە ئازاری سێدارەی ئازیزانمان درێژتر نەبوون؟ بێننە بەرچاوتان بزانن کامیان درێژخایەنتر بوون! ئایا ناکرێ ئێمەش خوازیاری وەها ئازارگەڵێک بین بۆ کەسانی وەک سەدام و لایەنگرانی، کە چەند دەهە ئەو ئازارانە بچێژن، کە ئێمە چێشتنمان. ئایا ئەمە لە ونبوونی سەدام لەبەر چاوی مە یا پیرۆزبوونی لەلای لەیەنگرانی باشترە نییە. بڕواننە پیرۆزبوونی هیتلەر لای ئاڵمانییە ناسیونالیستەکان! ئایا مانی سەدام بۆ ئەوەی، کە سبەینێ لەهەلێکی مێژوویدا و لە دادگەیەکی نێونەتەوەیی سەربەخۆدا سەدام و هاوکارانی دادگایی دادوەرانە بکرێن و بکرێنەوە، پیویست نییە؟

ئایا سزای تاککوژێک لەسێدارەدان بێت و سزای ئەژدیهایەکی وەک سەدامیش کە بڕیاردەری سەدان هەزار کەسە، ڕەوایە هەر لەسێدارەدان بێت؛ بە واتایەکیتر گەر کوشتنەوەی بکوژێک تۆڵە بێت، ئایا کوشتنی سەدام دەتوانێت تۆڵەی سەدان هەزار و بگرە ملیۆنیش بێت؟ بەبڕوای من، پرسەکە لە کوشتنی سەدام و دادگایی داروەدەستەکەشی واوەترە، پرسەکە گشتیترە و دەبێت ڕەهەندی فراوانتری هەبێت، بۆ ئەوەی هەم برینەکانی ئێمە ساڕێژبنەوە و بۆ ئەوەیش، کە کەسانێک کە لایەنگری ئەو تاوانەبوون و هەن، بە سزایەک، کە ڕۆژانە ئەشکەنجەی دەرونیان بدات و ژیانیان لێبکاتە دۆزەخ وەک لە ئێمە کرابوو، تۆڵە بکەینەوە. من بۆخۆم ناتوانم لەسێدارەدانی گشت بەعسی و سەرباز و هەواڵگر و ئاسایش و بەکرێگیراوەکان بە تۆڵەی ئەو ساتەوەختە بزانم کە لە پشکنینگەکاندا مناڵیم، لاوێتیم، مرۆبوونم وردوخاشدەکرا، بەراورد بکەم، چ بگات بە تۆڵەی 180 هەزار گوندنشین و وێرانکردنی هەزاران گوند و ژارکوژکردنی پێنج هەزار مرۆڤ لە هەڵەبجەدا و لەسێدارەدانی هەزاران لاوی شۆڕشگێڕ!

بەبڕوای من لە وەها بارێکدا، تەنیا کارێک پێماندەکرێ و پێویستە دەستبەجێ دەستی بۆ بەرین؛

بۆ بکوژانی تاککوژ و کێشە و پرسی کۆمەڵایەتی :

- راگرتن و هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان بە شۆڕشگێڕ و ناشۆڕگێڕیەوە.
- دانانی سزای زیندانی هەمیشەیی بۆ بکوژان چ تاککوژ چ کۆمەڵکوژ.
- کارکردن بە بکوژان لە زینانداندا، هەشت کاتژمیر بۆ بژێوی خۆیان و خێزانیان، هەشت کاتژمێر لەبری کەسی کوژراو بۆ خێزانەکەی و بۆ کۆمەڵگە.
- بێبەشکردنی بکوژ لە هەموو شتێکی ئاسایی هەروەک کوژراو لێی بێبەشدەبێت.

لە بۆ کەسانی وەک سەدام و لایەنگرانی، کێشەی سیاسی و جینۆساید:

- راگرتن و هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدانە بە شۆڕشگێڕ و ناشۆڕگێڕیەوە.
- زیندانی هەمیشەیی و ڕێگرتن لە خۆکوشتنیان.
- گێڕانەوەیان بۆ ناو زیندانیانی ئاسایی.
- بەکاربردنیان لە خاوێنکردنەوە و خزمەتی زیندانیان لەژێر چاودێریدا.
- بێبەشکردنیان لە پەیوەندی بە کەسوکار و ژیانی ئاسایی.
- بێبەشکردنیان لە خزمەتیک کە بەر زیندانیانی ئاسایی دەکەوێت.
- زیندانیکردنی کەسانێک کە خوازیاری ئازادکردن و باشترکردنی ژیانی وەها مرۆڤکوژانێکن.

- لێسەندنەوەی هەموو دارایی و توانابییەک، کە خێزانی ئەم تاونبارانە لیی بەهرەمەندن.
- ....
- .....
- ....

ئەمانە و چەندین وردەکاری‌تر، بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێت، هاتنەدی ئەم داخوازییانە، بەبێ خەبات دژی پیشەسازی چەکدروستکردن، بەبێ خەبات بۆ جیاکردنەوەی دادوەری لە دەسەڵاتە سەربازییەکان ، بەبێ خەبات بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت وەک هاندەری سزای کوشتن، بەبێ خەبات بۆ ئازادییە گشتییەکان، بەبێ هەوڵێکی سەرتاسەری و گرێدانەوەی لەگەڵ هەوڵە جیهانییەکان بۆ دادگایی نێونەتەوەیی سەربەخۆ، بەبێ هاتنەمەیدان و سوودوەرگرتن لە چالاکییە هونەری و سیاسی و کۆمەڵیەتییەکان، بەبێ هەڵخراندنی بزووتنەوە جەماوەرییە سەربەخۆکان، هەر هەوڵێک لەم ئێناوەدا بێسەرەنجام دەمێنێتەوە! ئەوەمان لەبیر نەچێت، کە دەسەڵاتدار بە دیموکرات و نادیموکراتییەوە، ناتونێت دادوەر بێت، بەڵکو پێشێلەکری دادوەری دەبێت و هەر چاوەڕوانییەک لەسەروەرانی تازە لەوەی ئاواتەکانمان بێننەدی، نەک تەنیا بێسەرەنجام دەمێنێتەوە، بەڵکو بە لەبیرکردنی قوربانیان و بەخشینی پلەوپایە و دەرامەت بە ئەنفالچیان و بەکرێگیراوان کۆتایی دێت هەروەک لە 14 ساڵی ڕابوردوو لە کوردستاندا لە سایەی فەرمانڕەوایی بۆرژوازی کورددا دیتمان!